وەسەبارەت بەدەست درێژی کردنە سەر منداڵان پاش لێکۆڵینەوەلە (١٤٠٠) حاڵەت لەو بابەتە لەشاری (لویسفیل) لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ — ١٩٨٤ بینرا کە وێنەی رووت و قووتی هەرزەکاران لەلای هەموو تاوان باران هەیە وەهەروەها وێنەی رووت و قووتی منداڵان لەلای زۆربەیان هەیە. وەلە لێکۆڵینەوەیەکی پاشتری هەمەلایەنە لەم ڕووداوە دڵ تەزێنانە لەلایەن ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەمریکا وەبینرا کەخاڵی هاوبەشی نێوان تاوانباران بەبێ جیاوازی ئاڵ و گۆڕی وێنەی منداڵانی رووتن. هەر بۆیە پۆلیسی ئەمریکی زۆرجار لە ئەنتەرنێت دا کەسێتی منداڵ بەخۆیان دەدەن تا وەکو ئەو جۆرە تاوەنبارانە دەستگیر بکەن.

دکتۆر (مایکل مهتا) بەئاشکرا لەزانکۆی ( کوینز ڤی کینجستۆن باونتاریو) لەکەنەدا پاش لێکۆڵینەوە کە (١٨) مانگی خایاند ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەوتێکی دیار هەیە ، وێنەی ڕووتی منداڵان دەگرن ڕێژەکەی لەساڵی ١٩٩٤ دا ١٥٪ بوو پاشان بۆ ٢٠٪ لەساڵی ١٩٩٦ زیادی کردووە .

## چەند بەڵگەیەکی زیندوو

دکتۆر (فیکتۆر کلاین) دوای لێکۆڵینەوەیەکی لەکۆمەڵێکی زۆر لەوانەی کە تووشی ئەو نەخۆشی یە بوونە، هەستی کرد کە کەل و پەلەکانی بەرەڵایی بەئاسانی بەردەستی خەڵکی دەکەون بەبێ ڕێگری و سانسۆرێك ،سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێ و بەرگەگرتن و ڕووبەڕووبونەوەی کارێکی ئاسان نیە تەنانەت ئەگەر ڕێژەیەکی زۆریش لەماڵ و سامان لەپێناوی دا ببەخشن. هەروەها گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بوونی کەناڵەئاسمانیەکان ئەوانەی زیاتر بەرەڵاییین لەماڵەکاندا، دەبێتەهۆی لێکەوتنەوەی کاری ترسناك و دڵ تەزێن وەکو دەست درێژی منالان لە خوشك وبرا بچوکەکانیان لەڕووی لایەنی جنسی یەوە .

وەلەکۆتاییدا دکتۆر (فیکتۆر) سەرنجی ئەوەی دا کە نموونەی ئەو کەسە دەست درێژی کەرانە بەئاسانی نازانرێت کە بەدڕەوشتن یان شەڕەنگێزن. وەکو ئەوەی کەسەکە لەبواری خوێندن دا ئاستی بەرزە یا سەرۆکی کۆمپانیایەکە یا کەسێکە کاری باش ئەنجام دەدا لەدوایدا دەردەکەوێت کەئەوە دەست درێژی کردوەتە سەر ئافرەتان بە چەقۆ یان دەمانچە. وەکو لەهەردوو ناوچەی (فینکس) و (توسون) بینرا. وەتاکە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەنجام دانی ئەم کارانە بریتی بووە لەوەی کە زۆر بەئاسانی ماددەکانی بەرەڵاییان هەر لە منداڵیەوە دەست کەوتووە و بەکاریان هێناوە .

وەهەروەها (زویباك) لە تۆڕی نیشتیمانی (اغتصاب) ودەست درێژی یە جنسەیەكانەوە دەڵێت (ئەوە جەخت ئەكا وئەی سەلێنی كە (إغتصاب) تاوانێكی كوشندە وترسناكە وسەرزەنشت تەنها بەشی قوربانیەكەیە)

(أجلين لودر)نوسەرێكی سەربەخۆیە،لەشاری نێورك دادەنیشێ.

## (وەك ئەوەی شۆڕە سوار بیٚ)

زەنگ لێیدا..ئەلو....ئەلو....

ئاگاداربە ئەی ئەو كەسەی فرمێسكەكان نزیكە لە چاوەكانتەوە ڕۆندك بكات.

ئاگادار بە تۆ هەرزان نیت ئەی گەوهەری نێو گەوهەرەكان..

ئای خوای گەورە - ئازاری داوم وەئازاری هەموو خاوەن هۆشێكی داوە حاڵی ئەو كچە گەنجەی كە لەگەڵ ئەو بەناو شۆڕەسوارەدا ژیاوە.

ئەئەو بەناو شۆڕەسوارەی ئەمی بەبرینداری فڕێ دایە نێو ئەشكەنجە و ئازارەوە ، وای لیٚ كرد لە خەونی خۆێدا ئەملاو لابكات بەڕاستی ڕێگاو دەوری عاشقانی بەجوانی تێگەیشتبوو، لەقسەكردندا لەگەڵی زۆر ڕوون بووە ،بەووشەی جوان و زەردو سوور بەندی كردبوو ،بەووتەی ناسك بەستبوویەوە، بەستایشی شیرین دایپۆشیبوو ، وە لە نێوان دڕكەكاندا گوڵی جوانی پێشكەش ئەكرد، ئەم كچە پاكە دڵ سافە بەهیواكانی تەلاری جوانی دروست كردبوو بەخەوانەكانی ماڵی جوانی ڕێك دەخست ، بورجی لەجیهانی خۆیدا بۆ بەرز دەكردەوە لەگەڵ شۆڕەسوارەكەیداململانیٚ ی شەپۆلەكانی دەكرد.

حاڵی ئەم بریندارە چەند مانگێك درێژەی خایەند ، بنیاد نرابوون لە سەرلم، لەو دیوی سێبەری تراویلكەی گەرماوە هەناسە بڕكێی بوو، هەست و سۆزی خۆی بۆ خەرج كرد، تا توانی لیٚ ی پاڕایەوە و هانای بۆی برد ، شتێكی لەژیانی پیٚ بەخشی كە نابەخشریٚ ، هەموو شتێكی پێشكەش كرد.

چەندە خەیاڵی ئەكردەوە كە لەوەی چەند دەستە جل بكڕێت وە ئەو بۆنانەی كە پێشكەش بكرێت ، وەئەونامانەی كە پێی بدرێت.

چەند ... نامە بنوسیٚ و بینێریٚ

وەدڵ خۆشیبكا بە چەند گوڵێك پێشكەشی بكات .

چەندین جار چووم بۆ بەڵێنێك كە بوونی نەبوو

وچەند خەونم بینی بۆ ئەو جلانەی كە بیكڕم ....

چیه؟ مووچەکەت چەندە ؟ دەست دەنێن بەڕوویانەوە لەبەر ئەوەی فەرمانبەر نی یە مووچەکەی کەمە کچەکەمان لەبرسان دەمرێت یان دەبێت بەزەکات و خێرو خێرات بژی .

ئەمەش تێڕوانینێکی هەڵەیەو کورت بینی یە . ئایا ئێوە نازانن خوای گەورە دەفەرمووێ (وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ) باوکی بەڕێزم شووکردن و ژن هێنان گەورەترین دەرگاو کلیلی ڕزق و ڕۆزی دەوڵەمەندیە .

٣- بەشوودانی کچی یەکەم پێش دووەم پاشان سێیەم

هەندێك لەباوکان لەبەر خاتری کچەگەورەکەی کچە بچووکەکانیش بەشوو نادات ، ئەکرێت لەکچە گەورەکەدا هەندێ هۆکار هەبێت ڕێگر بێت لەوەی بێنە داوای یان هەر حەز نەکات شووبکات .

کەچی باوکەکە جەخت لەسەر بەشوودانی دەکاتەوەو دەڵێ تا ئەمەیان بەشوو نەدەم ئەوانی تر دەبێت شوونەکەن دەبن بەقوربانی دەستی خوشکە گەورەکەیان بەلاَم ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە بڕوانینە بابەتەکە دەزانین شوکردن قسمەت و نسیبە بەڵکو یەکێك لەهۆکارەکانی ئەم بوارکردنەوەیە بۆ خوشکەکانی تری تا شوو بکەن ئەگەر کەسێك گونجاو هاتە داوایان . گومان لەمەشدا نی کە کچان هەلوێستی خۆیان هەیە دەکرێت کچەگەورەکە ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا بەدایك و باوکی بڵێت بە خوشکەکانی ترم شووبکەن و ئەم نەبێت بەڕێگر لە بەردەم قسمەت و نسیبی ئەواندا – نەهاتنە داوای ئەویش قەدەری خوایە و دەبێت پێی ڕازی بین، بەلاَم ئەگەر ڕازی نەبێت لە بەشودانی خوشکەکانی تری ئەوا ئەوانیش وەکو ئەمیان لێدێت و دەبن بەقەیرەو – کێشەکە گەورەتر دەکەنەوە بۆیە دەبێت دایك و باوکی ڕازی بکات بۆ بەشوودانی خوشکەکانی تری بە فەخر و شانازیەوە.

٤- ڕێگەنەدان یان بەزۆر بەشوودان بەخزم و کەس و کار

ئەگەر گەنجێك بچێتە داوای کچێك لە خێزانێك و عەشیرەتێکی تر ئەوا باوکان ڕازی نابن و نایدەن بەشوو بەڵکو هەر دەیانەوێ بیدەن بەخزم و کەس و کاری خۆیان .

هەندێ لەباوکان زۆر لەکچەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی شووبکەن بە فلاَنەکەسی خزمی خۆیان کچەکەش ڕازی نابێت ئەمەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت تا وای لێدێت کچەکە دەچێتە تەمەنی قەیرەیی یەوە و داخوازی لەسەر نامێنێت ئەمەش پێچەوانەی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوایە

کوڕە دەیەوێت ژنەکەی تەلأق بدات لەبەر ئەم هۆکارە ئەوا تەلأقی نادات مەگەر زۆر بێزار بێت ولەو هاوسەرییەی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا دەیان پیلان و تەڵەکەبازی و درۆکردن هەیە.

بەلأم قسەی ڕاست و دروست کە بەپێی سوننەتەکانی پێغەمبەری ئازیز (د.خ)ئەوەیە کە مارەی کەم بێت بەم شێوەیە کچە هەڵوێستی بە هێزترە و وەك دیاری دراوە بە م شێوە پیاوەکە ڕێزی خۆی و باوکیشی دەزانێ و قەرزارباریان دەبێت و لە هەوڵی پاداشتی ئەو چاکەیەدا دەبێت.

ئەوەی وتویەتی:( ئەگەر دەستی ڕێزت لەڕێزداران نا ڕێزت دەگرێت ئەگەر ڕێزت لەناکەس گرت لێت یاخی دەبێت ) ڕاستی ووتوە.

پێویستە لەسەر کچان باوکیان ڕازی بکەن بەوە کە مارەیەکەیان کەم کەنەوە مەگەر کەسێك زۆر دەوڵەمەند بێت و بڵێت مارەیی لای من شتێکی پلە دوەو ئەوەی گرنگ بێ لام چاکی کچەکەیە .

(٢) مارەیی دووەم: دیاری و هۆڵی ئاهەنگ گێڕان

ئەمەش ئەرکێکی ترە لە بەر دڵی خەڵکی و چاولێکەری وەك کۆکردنەوەی خەڵکی لەباشترین هۆڵی ئاهەنگ گێڕان و دابەش کردنی دیاری بەسەریاندا خواردنێکی باش و تیپی مۆسیقاو گۆرانی و دەیان شتی لاوەکی تر کە ئەرکەکە لە شەر شانی کوڕە قورس دەکات بەبێ گوێ دانە زیادەڕۆیی و بەفیڕۆ دان . ئایا تۆ دەتەوێ خوا ڕازی بکەیت یان نا؟ ئایا ئەمە حەلأڵە یان حەرام؟ ئایا ئەمە سوننەتە یان بیدعەو داهێنراو؟ یا کوڕە دەتوانێت یان نا؟ هەموو ئەمانەیان بەلاوە گرنگ نیە و خۆیان ناکەن بەخاوەنی بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی ڕەچاوی باو و داب و نەریت دەکەن یان ئەوەی ئەم کارانە دەکەن ژنانن یان منداڵ و هەرزەن بەڵگەیان تەنها ئەوەندەیە خەڵکانی تر وا دەکەن یان دەڵێن چی لە کچی خەڵکی کەمترە.؟

(٣) داب و نەریت وایە شوکردنی کچان دوابخرێت :

ئەم داب و نەریتە سەرەتا لای هەندێ خێزانە موسڵمانەکان دروست بوو پاشان بلأو بوەوە وردە وردە بوو بەداب و نەریت و نەوە لەدوای نەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان تا وای لێهات گەورەو بچوك ژن و پیاو پێی ئاشنا بوون و بووبە بەشتێکی ئاسایی و باو لایان .

٤-خراپی ناوبانگی خێزان:

دەکرێ باوك بەناوبانگ بێت بەهەندێك تاوان و (کاری خراپ) یان یەکێ بێت لەوانەی کەتووش بووبێت بەبەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان یان ماددە بێهۆش کەرەکان یان بەزۆری لەسجن دا تەمەنی بەسەر بردبێت، یان یەکێ لەمنداڵەکانیان بەناوبانگ بێت بەیەکێك لەوانەی باسمان کرد یان خەریکی کاری لیواتەو زیناکردن بێت لەهەموو ئەمانەش خراپ تر ئەوە دایکیان خەریکی ئەم جۆرە کارانە بێت وبۆ ئەمەش زۆر لەماڵ دەربچێت، یان هەڵسووکەوتی باش نەبێت لەگەڵ خەڵکی.

گرد.... هاوڕێکەی بوو قسەی لەگەڵ کرد کەبانگی کردبوو بۆ دەرچوونێکی کورت و گەڕان بەناو بازاڕدا.

بەبێ دوو دڵی ئەمیش ڕازی بوو.

کچەکەی هاوڕێی هاتوو پێکەوە ڕۆیشتن ... لەڕێگا کەوتنە قسەکردن . هاوڕێکەی لێی پرسی ، ئایا هاوەڵی کوڕت هەیە (بۆی فریند)؟!!

ئەمیش زۆر بەدڵ پاکی ووتی: چۆن ناپاکی بەرامبەر ئەو متمانەیە دەکەم کە کەس و کارم بەمنیان داوە!!

هاوڕێکەی ووتی: ئەوە قسەیەکی کۆنە و نامەوێ بیبیستم.

لەپڕێکدا هاوڕێکی هانگاوێکی بەپەلەی ناو وتی ئەوە کۆگایەکە سەیرکە . هالەوێ کۆمەڵێ گەنج هەیە، بابڕۆین بۆلایان زووکە بائەم دەرفەتە لەدەست نەدەین ..... ئەمیش زۆر بەتوندی ڕازی نەبوو ، بەلاَم ئەو زۆری لێکرد و ناچاری کرد کەڕازی بێت بچێت بۆلایان و ناسیاوی لەگەڵیان دروست کرد بەچەند سەردانێك.

تاڕۆژێکیان پارچە کاغەزێکی هەلگرد کەیەکێك لەو گەنجانە بۆی هەڵدا .... بینی ژمارەی تەلەفۆنەکەی تێدایە.... هاوڕێ کچەکەی پیرۆزبایی لێکرد بۆ دروست بوونی ئەم هاوڕێ تازەیە ... بەلاَم ئای نەی زانی ئەم هاوڕێ تازەیە چ گورگێکە....

سەردان و گەڕان تەواو دەبوو هەردوو کچەکە دەگەڕانەماڵەوە...

بەلاَم ویژدانی ئەم زۆر ئازاری دەدا .....

لەم کاتەدا تەلەفۆنێکی بۆکرا.... کێ بوو ؟ هاوڕێ کچە شوومەکەی بوو..... کەبەم شێوەیە کەوتنە گفتوگۆ :

کچەکە: چۆنی؟

هاوڕێکەی : تائێستا پەیوەندیت نەکردووە بەهاوڕێ کورەکەت؟

کچەکە: نەخێر ناتوانم!

بەلاَم دوای چەند جار هەوڵی کچەکەی هاوڕێی خۆی دا بەدەستەوە و پەیوەندی کرد بەکوڕەکەوە بەتەلەفۆن....

گفتوگۆکانیان لەسەرەتاوە کورت بوو بەلاَم دووەم جار زۆرتر بوو ئەوە سێ یەم جار کۆتایی هات بەدانانی مەوعیدێك لەگەڵ یەکتریدا... کچەکە چوو بۆ بینینی کوڕەکە لەکاتی دیاری کراودا

# (سـەتـەلایـت)

## ئەوەی کە ژیانمی ڕووخاند

لەسەرەتای ژیانمدا کاری ئازادم دەکرد، بەفەزڵی خوداوە بازرگانیەکەم خێری زۆر دەکرد،ژیانیشم بەپرۆگرامێکی موسڵمانانە ڕێك کردبوو.

هیچ ڕۆژێك لەپێنج فەرزەی نوێژی مزگەوت بەتایبەتی بەیانیان دوانەدەکەوتم،زۆر دڵم خۆش دەبوو کە دەم بیست لەشوێنێك ووتارێکی ئاینی هەیە دەچووم بۆ بیستنی ، ئەگەر لەشارۆچکەکەی خۆشم نەبوایە ، هەمیشە هەوڵم دەدا لە ڕیزی پێشەوەی مزگەوت بم، زۆر بەختەوەر بووم لەژیانمدا چونکە خوای گەورە هاوسەرێکی زۆر باوەڕداروگوێ ڕایەڵی کردبوو بەشەریکی ژیانم.چەند کوڕو کچێکی پێ بەخشیم ئەوانیش (عادل وخالید وسوعاد وئەمەل)بوون ئەم خێزانەم مەشخەڵێك بوو ڕێگای ڕۆشن دەکردەوە ومایەی کامەرانی و خۆشی دڵم بوون،ڕۆژگار وورده وورده تێ پەڕی ومناڵەکانم گەورە بوون و چونە زانکۆ،زۆر تامەزرۆی ئەو ڕۆژە بووم کە بەچاوی خۆم بینیم مناڵەکانم بڕوانامەکانیان بەدەست بێنن..

بەڵام ڕۆژگار لەسەر یەك شێواز تێ ناپەڕێت پاك وبێ گەردی بۆ ئەو خوایەی کە خۆی ناگۆڕێت و گۆڕانکاری دەکات.

دوای ئەوەی کە ژیانێکی خۆش و هێمنم بەسەر دەبرد لەگەڵ خێزانەکەمدا،زۆر کامەران بووین ، نزیکەکان و هاوڕێ کانم ئیرەیی یان پێم دەبرد...ئەو ڕۆژە هات کە هەموو شتێك پێچەوانەوە دەبوەوە،ژیانم ڕووخا بووبە نەهامەتی وبەندبوون...بوو بە ژیانی دەربەدەری لە ڕێگاو بانەکاندا..بوو بەژیانی سواڵ کردن..کەواتە لێرەوە ئەو سەرگوزشتەتان بۆ دەگێڕمەوە کە هەموو ژیانمی تێك شکاند وماڵ ومنداڵم دەربەدەر بوو؟!

# سەتەلایتی شوم

ڕۆژێکیان ئەو پیاوە هات بۆلام ،کەسێك بوو وێنەکەی بەلامەوە غەریب نەبوو، ئەم ناسی ..بەچاو تروکانێ بە یادما تێ پەڕیم .. کە هات بۆ لام زۆر شپرزەبوو، ئەت ووت هەموو خەمی دنیای لە کۆڵ ناوە، لەدەرگاکەدا وەستاو خۆی ناساند،هاوڕێیەکم هەبوو ساڵاَن و ڕۆژگار دووری کردبووینە وە لەیەکتری ...زۆر بەگەرمی پێشوازیم لێ کرد وا گومانم برد بۆ سەرانی کردنم هاتووە پاش ئەو دووری یە ...وویستم ڕێزی زۆری لێ بگرم،بەلاَم زۆر بە پەلەبوو ،کێوێك بوو لەخەم و پەژارە...پاشان داوای یارمەتی لێ کردم بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکەی کە پێیبوو بۆمی بگێڕێتەوە،ووتی: هاوڕێم هەمیشە من گوێم لەزانایان بوو کە تیایدا چۆن سەرزەنشتی یاخی بوانیان دەکرد لەوەی کەوا ئەنجامیان داوە،وەچۆن ئاگاداریانی دەکردەوە لەسزای ئاگر و خراپترین چارەنووس...بەلاَم من واگومانم دەبرد ئەم ووتارانە تۆزێ لەڕاستی یەوە دوورە و تەنها هەڕەشە ئامێزە وە زیادەڕەوی زۆری تیایە...

لەو وانە و ئامۆژگاریانە ووتاری تیابوو لەسەر کەناڵە ئاسمانیەکان وشوێنەواری...لەمزگەوت گوێم لێ دەگرت بەنابەدڵی...

چەند جار زیاتر ئەو کەسانە لەمزگەوت نامیلکەی تایبەتیان دەداپێم کە پڕبوو لە چیرۆکی ڕاست ڕووداوی دڵ تەزێن ...کەدەم خوێندەوە لەنەفسی خۆمەوە دەم ووت ئەم چیرۆکانە لەڕاستی وە دوورن ئەفسانەن لەگەڵ ئەوەشدا دەمپرسی ، ئەمانە بۆچی ئەم قسانەمان بۆ دەکەن؟ ئەوان چ خەمی ماڵ و خێزان منیان هەیە...هەر پرسیارم دەکرد و وەلاَمێکی دڵنیام دەست نەدەکەوت ...هەندێ جار دەم ووت ئەمە هەر غیرە بردنە و هیچی تر، ئەم قسانە بنەمایەکی واقیعی و

و سەرشۆڕی بەدی دی دێنێت کچی بیست ساڵی چاوەڕێی کۆرپەیەکە لەبەرئەنجامی بەد ڕەوشتی
برا سەرگەردان و فاجیرەکەیەوە ...!
بەختەوەری یە چاوەڕوان کراوەکانی و ئەو خەونانەی بۆ داهاتوویەکی نزیك هەیبوو هەمووی
تیاچوو لەژێر سایەی ئەو سەتەلایتە نەفرین لێکراوەدا کە بەنەشیاوی بەکارمان هێنا ...
بیبیری هاوارو تکای دەرو دراوسێکانم کەوتەوە کە بەرهەڵستی دانانی ئەو ئامێرەیان لێکردم ،
پاشان بیری قسەو باسی هاوڕێکانم کەوتەوە سەبارەت بەخراپی و بەلاَکانی ئەو ئامێرە دەدوان ،
کەڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت ،کەچی موسڵمانان بەبێ کۆت و بەند بەکاری دەهێنن حساب
بۆ خراپیەکانی ناکەن ... ئەمرۆ من ناتوانم ئەوەی ڕوویداوە بۆ نزیك ترین کەسی خۆمی
بگێرمەوە ، کارەساتەکەش ڕوویداوە و بواری ڕزگاربونیشی نی یە.
لە کۆتاییدا ئەو سەحنەم لەسەر بانی خانووەکەم داگرت بەلاَم دوای ئابڕوچوونی ناو ماڵ و
خێزانم...
ئای ئاخ و داخ لە پاکیزەیی لەدەس چوو ..ئای ئاخ و داخ لەوغیرەتەی لەبیرکرا .. ئای ئاخ و داخ بۆ
ئەو ئامۆژگاریانەی بۆم کراو هیچ گرنگیەکم پێ نەدا ...
ئەمە چیرۆك و بەسەر هاتەکەم بوو کە بۆم گێڕانەوە ، بەڕاستی دەمم گرمۆڵەیە لەگێڕانەوەی
جەستەم تەزوی پێدا دێت و پاکیزەیی خۆم و خێزانەکەم لەدەست دا، بەلاَم پێم خۆش بوو
بیگێڕمەوە بەڵکو ئەمە خوایە کەڵکی لێ ببینرێ و دەروونە بێ ئاگاکان سوود بەخش بن لێی ...
ئەگینا لەکەسانی تر زیاد لەوەی من هەیە ... بەلاَم ئایا ئاگاداری نین یان ناتوانن باسی بکەن،
کاتێك ئەمەش باس دەکەم بۆ ئەوەیە لەدوا ڕۆژدا لێپرسینەوەی خۆم سوکتر بکەم و ئەو
شوێنەوارە خراپانە ئاشکرا کەم و بیانوی کەسانی تر ببڕم لەوەی کەمتەرخەمی بکەن لەمەدا،
خوایە گیان وا گەیاندم ، خوایە گیان تۆ شاهید بە

خواردن و خواردنەوە تێدا کۆدەبینەوە . محمد هەوڵی دا کەوا بیانوو بۆ دایکی بهێنێتەوە ووتی : هەر چۆنێك بێت ئەوە دایکتەو تۆی بەخێو کردووە ، لەوە ئەچێ ئەویش گرفتی هەبێت لەگەڵ باوکتدا و ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆدا ، تۆش عوزری ئەو قبوڵ بکە ، بەلاَم ئایا تۆ هەوڵت داوە کەوا گرێی دڵی خۆتی بۆ بکەیتەوە ، بێگومان ئەویش وەك تۆ لەقەیرانی دەرونیدایە، ئافرەتەکە بەسەر سوڕمانەوە ووتی: من دڵی خۆمی بۆبکەمەوە؟! ئایا ئەو دڵی خۆی بۆمن کردوەتەوە ئەو دایکە نەك من؟! بەداخەوە ئەو بەو مامەڵە خراپانەی کە دەیکات دیوارێك دروست بووە لەنێوانماندا کەوا ناتوانم ببیڕم. محمد پێی ووت: بۆچی چاوەڕێ دەکەیت کەوا ئەو دەست پێشخەری بکات بۆ لەناو بردنی ئەو دیوارە؟ بۆچی تۆ دەست پێشخەر نابیت ؟ بۆ هەوڵ نادەیت زیاتر لێی نزیك بیتەوە ئافرەتەکە ووتی : جارێکیان ویستم لێی نزیك بکەومەوە خۆم خستە باوەشیەوە وە دەستم کرد بەگریان ، ئەویش بەسەر سوڕمانەوە تێی ڕوانیم ، پێم ووت: ئەی دایکە من ڕووخاوم لەناخەوە ، من وا نەزیف بومە لەقولاَیی دڵمەوە ، بوەستە لەگەڵمدا و بەتەنها بەجێم مەهێڵە من لەهەموو کاتێکی ڕابردووم زیاتر پێویستم پێتە، بەشێوەیەکی سەیر تێی ڕوانیم ، وە دەستی خستە سەر نیو چەوانم و هەستی بەگەرمیەکەی کرد، ووتی ئەمە چ قسەیەکە دەیان کەیت؟ تۆ نەخۆشیت ، نەخۆشیەکەش کاریگەری هەبووە لەسەر بیرکردنەوەت ، تۆ وا خۆت دەردەخەیت کە نەخۆشیت بۆ ئەوەی لێت خۆش بم لەهەندێ ئیش و کاری ناوماڵ ، ئەوەش نابێت و ڕێت پێ نادەم ، ئەمجا لەلای من هەستا و تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوە و لەگەڵ یەکێ لەدراوسێکانماندا هاتە قسە ، منیش بەجێم هێلاَ و گەڕامەوە بۆ هۆدەکەی خۆم وە لەناخەوە فرمێسکی خوێنینم دەڕشت بەرلەوەی ئەسرین برێژم .

پاشان ئافرەتەکە زۆر گریا. محمد ویستی قسەکە بگۆڕێت و پرسیاری لێکرد: ئایا ڕۆڵی براو خوشکەکانی ترت چۆنن؟ ئافرەتەکە ووتی: ڕۆڵێکی خراپیان هەیە، براو خوشکەکانم خاوەن خێزانن و هەریەکەیان سەرقاڵە بەخۆیەوە، وە ئەگەر باسی دڵ تەنگی خۆمیان بۆبکەم هەر پێم دەڵێن لەچیت کەمە سوپاسی خودا بکە لەو ژیانە خۆشەی کە تێیدایت. بەلاَم ئەو برایەم کەوا ژنی نەهێناوە ئەویش وەك من وێڵە و زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات لەگەڵ هاوڕێ خراپ و شەلاتیەکاندا بەدەبەنگی لەبازاڕو شۆستەکاندا دەروات. شێخ محمد وویستی شتێك لە ناوەخنی ئەو ئافرەتە بخاتە ڕوو بۆیە لێی پرسی، هەرکەسێك شتێك داوا بکات، بەدوایدا دەگەڕێت بۆئەوەی بەدەستی بهێنێت، مادام تۆش بەدوای خۆش گوزەرانی و ئاسایشدا دەگەڕێی بۆ ئەوەی برسێتی دەرونیت پڕبکەیتەوە، ئایا تۆ بەدوای بەختەوەریدا گەڕاویت. ئافرەتەکە ووتی بەدوای بەختەوەریدا گەڕام لەهەمووشتێکدا بەلاَم نەم دۆزیەوە من جوانترین پۆشاك و گرانترین پۆشاکم

دروست نەبێت، چەندجار، ویستی لە خشتەی بەرێ بەڵام سەر نەئەکەوت .. زانی جارێکی تریش هەوڵەکانی شکستی هێنا، بۆیە ئەیویست تۆڵەی لێ بکاتەوە دەرسێکی وەهای بدات قەت لەبیری نەچێتەوە، ئەم جارەیان پێی ووت هەست و ناخم هەمووی خۆشەویستی و سۆزی تۆیە بەجۆرێکی وا کە قەت ناتوانم لێت جیاببمەوە بڕیاری ئەوەم داوە بێمە داخوازیت ، گەیشتۆتە ئەندازەیەك یەك چرکە ناتوانم لێ دووربم لەگەڵ تۆ نەبم ئەمرم ..

لەبەرئەوەی زۆر فێڵاوی بوو بەردەوام سۆزوخۆشەویستی خۆی بۆ دووبارە ئەکردەوە ئەم فاسقە هەرکات پەیوەندی پێوە بکردبا ئەوباسەی زیاتر ئەوروژان ، بەڵێنی ئەوەی پێدابوو لەداهاتوودا دێمە داوات، ئەوکات پێویستە باسی کاروباری زەواج بکەین، خۆتیش ئەزانی ئەویش پرۆسەیەکی گەورەیە ناتوانین لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەیەك تێبگەین، وا پێویست ئەکا یەك ببینین .. سەرەتا داواکەی قبوڵ نەکرد و ڕەددی ئەکردەوە، بەڵام هەرچۆنێك بوو ئەم شتە پیسە قەناعەتی پێکرد یەك ببینن ، ئەمەش مژدەیەك بوو بۆ ئەم فاسقە کات و شوێنیان دیاریکرد ، شوێنەکە شالیە بوو لە کەناری دەریا، بەڵام کاتەکەی سەر لەبەیانی بو وە هەردولا لەسەر ئەم کاتە ڕێککەوتن .....

ئەم گەنجە زۆر خۆشحاڵ بوو یەکسەر هەواڵی دا بە هاوڕێکانی پێ ووتن بەیانی کچەکە دێ بۆ شالیە پرسیاری منتان لێ ئەکات کە هات یەکسەر ئێوە چی لەگەڵ ئەکەن بیکەن ، کاتێ بەیانی داهات ئەمانە هەمو کۆببو نەوە لە شالیە، چاوەڕێی نێچیرەکەیان ئەکرد، هەموو تامەزرۆ بوون وەکو گورگی برسی، نێچیرەکە هات و پرسیاری ڕاوچیەکەی لێکردن ، یەکسەر هەموویان هێرشیان بۆکرد وەك دڕندەیەك تێی بەربوون هەتا هەموو یان ئارەزویان لێ تێرکرد، تین و تاوی هەڵچوی سێکسیان پێ کوژاندەوە پاشان وازیان لێهێنا و جێیان هێشت و بەسەیارەیەك بۆی دەرچوون کاتێك هاوڕێکەیان بینی زەردەخەنەیەکیان بۆ کرد و ووتیان کارەکەمان ئەنجامدا .. گەنجە زۆر کەیف شادبوو چوو بۆ ناو شالیە تاکو ئەمیش لە بینینی دڵخۆش بێت بێت و سوکنایی دڵی ئەهات بە بینینی .. کاتێك کە چووە ژوور بینی چی بینی!! جلەکانی هەموو دڕابوون پڕ بەدەنگی هاواریکردە هاوڕێکانی بۆخاتری خوا چیتان کردوە ئەوە خوشکەکەمە؟؟ خوا فەوتتان کا هاواروبێداد ئەوە خوشکمە خوشکم!! بەڵام سەرەنجام چی ڕوویدا؟ خوای گەورە ویستی وابوو تۆڵە لەو فاسقە بکاتەوە بەنزیکترین کەسی و بەهەمان شێوازیش کە پیلانی بۆ ئەکیشا لەگەڵ کچی خەڵکی ، کاتێك کچەکە مەوعیدی هەبوو لەگەڵ کوڕەکە ئیشێك ڕوویدابوو بووە هۆکاری ئەوەی کچەکە نەتوانێ لە مەوعیدەکە ئامادەبێت نەشی توانی بوو ئاگاداریکاتەوە کە ناتوانم بێم بۆ شالیە .. لەوکاتەشا خوشکی کوڕەکە خۆی ئیشێکیان هەبوو لە ماڵەوە هاتبوو بەدوایدا دەگەڕا ئەشی زانی زۆربەی کاتەکانی لەو شوێنانە بەسەردەبا ، قەدەرەن لەو کاتەی مەوعیدیان هەبوو لەگەڵ کچەکە ،

لەپڕدا پۆلیس هاتن‌و ڕەوانەی زیندانیان کردین، ئێستاکەش لەزیندانی (هەرزەکاران)دا چاوەڕوانی حــوکمی نــوێ دەکــەم، چاوەڕوانیشــم لــەوەی پێشــووترم زیــاتر بێــت چــونکە تۆمەتەکــەم قورسترە.لەوســاتانەی کەپەشــیمانی دام دەگرێــت بیرلــەوە دەکەم:ئەگــەر ئــارامم لەســەر ئــازارو ئەشکەنجەکانی باوەژنەکەم بگرتایە زۆر زۆر لەوەی ئێستام باشتربوو !!

پەلە کردن‌و بێسەبری هۆکاری زایە بونمبون، هەڵاتنم لەماڵەوە لەوتەمەنە کەمە کەهێشتا فامم لــەژیان نــاکرد پــەنابردنم بــەژنێکی تــەڵاق دراوو ژیــان لەگەڵیــدا، پەیوەنــدی ناشــەرعیم لەگــەڵ گەنجێکدا، گشتیان هەڵەی گەورەو وێران کەربوون لەژیانمدا . . .

کەسێکی دڵسۆزو ئامۆژگاریکارم نەدۆزییەوە . . . دڵێکی نەرم‌و نیانم نەدی بــەرەو ڕێگەی ڕاست ڕینمونیم بکات، زۆر پەشیمانم .. پڕبەمانای ووشەی پەشیمانی پەشیمانم.

ئامۆژگاری گشت کچان دەکەم، پەلەنەکەن لەوەرگرتنی هیچ بڕیارێکدا، پەنابەرن بۆکەسانی دڵسۆزو بەئــەزموون، تــاوەکو یارمــەتیتان بــدەن، ئەگــەر کەســێکی واش لەبنەماڵەکــەتان نــەبوو بڕۆنــە لای ڕێنیشاندەرێکی دڵسۆز لەقوتابخانە یان مزگەوتەکان. بەردەوام دووربن لەورێگەیەی مــن گرتمەبــەر ، بەردەوام لەگەڵ خێزانەکانتان بن.

یاخراپ پەرەوەردەبکەیت، بەڵکو دایك‌وباوك لەپلەی یەکەمدا بەرپرسن لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بەڵام بالەم فەرمودەیەی خوای گەورە تێبگەین :( وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُمْ بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ) (الطور:٢١)، لێپرسینەوەی خۆت کە بزانە تۆو پیاوەکەت چیتان لەناخی منداڵەکانتان ڕواندووە؟

ئایابەڕێزیو پاك داوێنیتان ڕواندووە؟

ئایا پارێزکاریو خواپەرستیتان ڕواندووە؟

ئایا کۆڵنەدانو بێووچانیتان ڕواندووە؟

ئایا خۆشەویستی خوێندنو زانستو بەندایەتی خواتان ڕواندووە؟

ئەم بەهایانەو هەندێکی دیکەش گرنگن لەڕێکخستنی هەڵسو کەوتی مرۆڤــ لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیاندا، بەڵام ڕواندنیان دەبێ لەوکاتانەدا بێت کەمناڵ لەژێر دەسەڵاتی تۆدایە، داپۆشینی لەش بەتەواوەتی لەکاتی مناڵیدا گرنگترین هۆکارەکانی پاکداوێنیو بەئابڕوویيە لەقۆناغی گەورەییو ئابڕو ئەوپەڕی خێرو خۆشیە، بەئابڕوویش ڕێگەی پێشینەیە بۆپاکداوێنی. ئەو ڕەوشتە بەرزە ئیمانیەی کە نەفس پێی ئاسودە دەبێت، ئەوەشە وا لەنەفس دەکات کەڕێگربێت لەزاڵبونی حەزو ئارەزووەکاندا، ئەوگەنجەی سەیری خوشکە نیوەڕوتەکەی خۆی دەکات چۆن فێری چاوگرتن دەبێت لەحەرام.

باوەڕم وایە ئەمە خاڵێکی مەترسیدارە لەتەشەنەکردنی بێڕەوشتیەکان، یان تووش بوونیان، تەنانەت بیرکردنەوە لەوبارەیەدا، ئەوکچە لاوەی کەجل‌وبەرگی نیوەڕوتی لەبەردایە چۆن فێری ئابڕوپارێزی دەکەیت لەبەردەم فتنەی پیاوانو ژنانو بیرکردنەوە لەبێڕەوشتی و بەدوادا گەڕانیدا. تەنانــەت ئێمــە بــەبێ گوێـدان لـەکۆڕە خێزانیـەکانمان دادەنیشـینو سـەیری تەلـەفزیۆن دەکـەینو دیمەنی وەها دێتە پێش چاومان موچوڕکە بەلەشماندا دەهێنێت، ئەویش لەبەردەم کوڕوکچەکانمان لەگشت قۆناغەکانی تەمەن، ئیدی چاوەڕوانی چی لەمنداڵەکانمان بکەین؟

ئایـا وادەزانـین ئـەوان پارێزگـارو پـاك‌و بێگـەرد دەبـن لەکاتێکـدا ڕێگـەی ڕاسـتیان پێشـان نـەدەین؟ لەخواترسـیو پارێزگـاریش لـەگرنگترین هۆکارەکـانی لێپرسـینەوەی نـەفسو چـاودێری خـواییـن؟ کۆڵنەدانو پشـوو درێـژیش لـەگرنگترین هۆکارەکـانی بیرکردنـەوەن لـەکارە بـەرزو بایـەخ دارەکـانو بیرنەکردنەوە لەکارو کردەوەی هیچو بێسوود.

جل‌وبەرگی ڕووتو تەسك‌و تەنك ئـارەزووە سێکسـیەکان لـەکاتی ناوەختـدا دەووروژێـنن، تەنانـەت ئەگـەر لـەنێو کـەسو کـارو ژنـانو منـاڵانی پێنەگەیشـتووش بێـت، چـونکە گـەورە دەبـنو ئـەو

## ( گفتوگۆی نێوان کچ و باوکێك لەخەوندا )

گفتوگۆیـەك لەخـەونی باوكێكـدا كەلەگـەڵ كچـێكدا دەیكـرد كـەمردووە بـەهۆی تـووش بـونی بەنەخۆشـیەك، فرمێسـكەكانی دەهاتنـە خـوارەوە لەچـاوەكانیدا... بـاوكی لەخەوەكەیـدا بینـیو گفتوگۆی لەگەڵدا كرد، دەیوت:-

كچەكە: (حسبي الله ونعم الوكيل)، واتامن هەرخودام هەیەو هەرئەوم بەسـە، چـونكە ئـەو باشـترین كەسێكە كەپشتو پەنات بێت).

باوكەكە: كەگوێی لەمەبوو هەڵدەلەرزیو لەترسدا ووتی:بۆچی وادەڵێیتو ئەمەت بەكێیە؟

كچەكە/ ئایا دەتەوێت پێت بڵێم بەكێ وادەڵێم؟

باوكەكە: بەڵێ بەكێتە .. پێم بڵێ؟

كچەكە: ئایا چی لەوكەسە دەكەیت كەمن وای پێدەڵێم؟

باوكەكە: تۆڵەی تۆی لێدەكەمەوە.

كچەكە: ئایاتۆڵەی چی لێدەكەیتەوە دوای ئەوەی كەهەمووشتێ كۆتایی پێهاتو كارلەكار ترازا؟

باوكەكە: بەڵێ تۆڵەی تۆی لێدەكەمەوە، بەڵام پێم بڵێ ئەوە كێیە؟

كچەكە: دەزانمو خوایەگیان تۆم بەسە....

باوكەكە: توخوا پێم بڵێ كێیە؟

كچەكە: دەزانمو خوایەگیان تۆم بەسە.....

پاشـان هەڵچـوو تورەبـوو، وەدەموچـاوە جوانەكـەی گـۆڕا بـە دەموچـاوێكی زۆر ناشـرینو ناحـەزو ترسـێنەر، وای لـەباوكی كـرد كەلەترسـا هەڵدەلـەرزێت .....و ئـارەق بڕێـژێت، كچـەكە بـەردەوام بوولەسەر قسەكانی پێی گوت: لەگەل تۆمەو لەسەرتۆ ئەوشتە دادەنـێمو دەڵـێم: (حسبی الله ونعـم الوكيل) - دوعایە لەكاتی بێدەسەڵاتیدا دەكرێت لەیەكێك كەستەمی لێكردبیت - ئـەی ئەوكەسـەی كەزیادەڕەویت پێكردم، ئەی ئەوكەسـەی كەخیانـەتت لێكـردم لەوئەمانەتـە كەلەبەردەسـتدا بـوو، هەواڵەی خوات دەكەم ئەی ئەوكەسەی كەچاودێریت نەكردم، ئـەی ئـەوەی كـەپارێزگاریت نـەكردم لەدونیادا، ئەی ئەوەی بویتە هۆی ئەو ناخۆشیەی كەئێستا منی تێدام.

باوكەكە: ئێسیتا تۆ لەكوێی؟

كچەكە:(پاش ئەوەی هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا) گوتی: ئێستا لەناو چاڵێكم لەچاڵەكانی ئاگر ....

باوكەكە: من چیم پێت كردبوو كچی خۆم؟

بلاوبویەوەو،ئیتالیەکان بە(الداء الفرنسی) ناویان دەبرد وە کاتێك کە داگیرکەرانی رۆژئاوایی وڵاتانی عەرەبیان داگیر دەکرد ئەم جۆرە نەخۆشیانەیان دەگواستەوەکە، لەو کاتەدا عەرەبەکان بە (الداء الفرنجی) ناویان دەبرد کە تائەمرۆکەش بەو شێوەیە ناو دەبرێت، لە سە ردەمی نوێشدا نەخۆشی(الهربس) بە دەرکەوت وەکو نەخۆشیو درمێکی بەربلاوی(جنسی) لەکاتێکدا ڕێژەی توشبوانی ساڵانەی ئەم نەخۆشیە لە ئەمریکادا دەگاتە نیوملیۆن، لە ساڵی١٩٧٩وە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆیەکەم جار نەخۆشی لەدەست دانی بەرگری وەرگیراو(المناعة المکتسبة) ناسراو بە(ئایدز)ئەمەش ڤایرۆسێکە خرۆکە سپیەکان کە هێزی بەرگری لە لەشی مروڤدا دروست دەکەن تێك دەشکێنن، تاوەکو توانای بەرگری نەمێنێ بەرامبەر هەر نەخۆشیەك کە توشی جەستەی مرۆڤ دەبێت، تا بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەیەکی درێژخایەنەوە بێ چارەسەر دەمرێتو کۆتایی بەژیانی دەهێنێت، ئەمەش بەهۆکاری نەمانی توانای بەرگری لەلەشدا.

## (نەخۆشی گەلێکی جنسی دیکە)

بابەتی نەخوشی (جنسی)گرنگیەکی گەورەی لەلای پزیشکەکان هەیە ئەمەش لەمەڕ مەترسی گەلێك کە لە سەر باری تەندروستیوجەستەو باری دەروونی تاكو کۆمەڵ دروستی دەکات. باشترین بەڵگەش بۆگرنگی پێدانی جیهان بەم نەخۆشیە ئەوکۆنگرە گەورەیە بوولەساڵی١٩٧٤ز، لە ئەمریکا بەسترا بۆ توێژینەوە لەنەخۆشی(الزهری)و هاوشێوەکانی، لەم کۆنگرەیەدا نزیکە(١٥٠٠)پسپۆر لە (٥٠)دەوڵەتەوە ئامادەبوونو هەموو بابەتەکانیان لەکتابێکی (٥٠٠ ) وەرەقەیی گەورەدا کۆکرایەوە. لە سەرچاوەی (مرك) پزیشکی چاپی سێیەمی ساڵی(١٩٧٧ )م گوتوویە: ئەو نەخۆشیانەی کە لەڕێگەی جنس(الزنا)و پەیوەندی شێواوی جنسیەوە دێتە ئارا بەربلاوترین نەخۆشین لەجیهانی ئەمڕۆدا. وە لەماوەی دوو سەدەی رابردوودا ژمارەی توشبووان ڕۆژانە لە زیادبوندایە، وە دەزگای تەندروستی جیهانی ژمارەی توشبوان بە نەخۆشی دەڵاندن (السیلان)بە زیاتر(١٥٠)هەزار کەس لە ساڵێکدا وهەروەك ژمارەی توشبوان بە(الزهری)ناسراو بە (الداء الافرنجی) لە وڵاتە عەرەبیەکان ساڵانە زیاتر لە (٥٠٠٠)هەزار کەس دەخەمڵێنن وە بنکەی (ئەتلانتا) لەویلایەتی (جۆرجیا) بۆبنەبڕکردنی نەخۆشیە درمیەکان، لەویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێژەی توشبوانی بە نەخۆشی دەڵاندن (السیلان) بە(٣)ملیونو توشبوان بە (الزهری) بە(٤٠٠)هەزار لە ساڵی(١٩٧٦)دەژمێرێت. گۆڤاری(Doctor Gradguate) ژمارەی(مایۆ)(١٩٨٣)وگۆڤاری(التایم)ی ئەمریکی (٤ی یولیو١٩٨٣ ) گوتویانە (٢٠ملیون) ئەمریکی بە

ئـازاری نەخۆشـی(الهربز)ی ئەنـدامی زاوزێ دەنـاڵێنن، وریـژەی نیـو ملیـون دیـاردەی تـازە سـاڵانە لەویلایەتە یـەکگرتووەکان دیاری دەکـرێن وەلـە بریتانیالـە سـاڵی١٩٨٢ز(١٥٠٠٠)هـەزار حاڵـەتی تـازە دیـاری کرا.وێـڕای توێژینـەوە گـەلێکی چـڕوئابوریەکی زۆر لـە ڕۆژئـاوا لـە مـەڕ ئـەو نەخۆشـیە زایندیانە سەرف دەکرێن کەچی ڕۆژانە ڕادەی توشبوانی نەخۆشـیەکە زیاتردەکـات ئـەوەی تێبینـی دەکرێت لەم نەخۆشیە خێرایی بلاوبونەوەیەتی لە توشبوەوە بۆ کەسێکی دیکە کە هەنـدێکیان لـە رێگەی سەرجێی بەهۆی ماچ کردنودەست لێدانوبەکارهێنانی کەلوپـەلی توشـبوەوە دەگوێزرێتـەوە مـن لـەم پـەڕاوەدا باسـەکەم لەسـەر چـوار نەخۆشـی زایندی(جنسـی) چـڕکردۆتەوە کـە دەلاَنـدن (السیلان) و(الزهری) و(الهربز) و(الایدز) لەگەڵ هەندێ نەخۆشی جۆراوجۆر کە لە کتێبو گۆڤارە تەندروستیەکاندا لەسەر نەخۆشی زانیدی نوسراون لەوانە:

## یەکەم: دەلاَندن(السیلان)

دەلاَنـدن نەخۆشـیەیەکی سێکسـی بـەربلاَوە ودرمەکـەی بـە ئاسـانی بلاَودەبێتـەوەو نیشـانەکانی لەماوەی(٣ تا٧) ڕۆژدا بە دەردەکەون لە ئاکامی پەیوەندیەیە سێکسیە نەشیاوەکاندا.نیشـانەکانی لـە پیاوانـدا دەرهاویشـتەی بـە ئازاروسـوتانەوە لـەکاتی میزکردنـدا، بـەلاَم لـە ئافرەتانـدا هەنـدێ دەرهاویشتەی دیکەی هەیە. دەلاَندن گەرچارەسەرێکی یەکجارەکی نەکرێ، میکرۆبەکـەی کۆمـەڵێك کاریگەری تر لەلاشەدا دروست دەکات وەك نەزۆکیوهەوکردنی جومگەکانو پەشـێوی دڵ، دەلاَنـدن لەو نەخۆشیە سێکسیانەیە کە بلاَوەو بەخێرایی دەردەکەوێ خودا پەنامان بدات لێی.

<u>ڕێگەی گواستنەوەی:-</u>

بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە(الاتصـال الجنسـی)، وەهەنـدێ جار ئەوتەختەیـەی کەبـەو(میکرۆب)ە پیس بووە لەحەمامدا لەسەری دادەنیشین یاخود بە کارهێنانی خاولی یاخود کـەفاو یاهـەر شـتێکی دیکە کەهەڵگری ئەومیکرۆبە بێ بەهۆی دەست لێدانی ڕاستەوخۆوە.

نیشانەکانی نەخۆشی دەلاَندن:

سەرەتا لەبۆری میـزەوە دەسـت پێـدەکات کەهەنـدێ جارئـازاری لەگەڵدایـە، هەنـدێك بەناڕەحـەتی میزیـان بـۆدەکرێ، وە دوای(٢٤)کاتـژمێر توشـبوو هەسـت بـەهاتنی کـێم دەکـات لـەبۆری میزیـدا کێمێکـی خەسـتیلینج بـەپێی جـۆری میکرۆبەکـە. ئـەوەی کەسـەرنجی تـوش بووبـەئاگادەهێنێ دەرهاتنی دەلاَندن لەرێگەکانی میزکـردن وپیسایی کردنـەوەو لەگـەڵ بەرزبونـەوەی پلـەی گـەرماو سەرئێشـەو زیـاترکردنی ترپـەی دڵ. وە دوای دوو هەفتـە سـوتانەوەیەکی زیادئـازار لـەبۆری میـزدا

لەگەڵ میزە جورکێ یا بەپێچەوانەوە نیشانەکان وەدەرناکەون‌و توشبو هەستی پێناکات بەڵام میکرۆبەکە خۆی دەگەیەنێ بەسوڕی خوێن‌ودەرەنجامی خراپی بۆدڵ‌وکاژاڵی مێشك‌وجومگەکان یاهەندێك جار دەگاتە گونە وێڵەکان. وە ناتوانرێ بوترێ کە نەخۆش توش بووە بە دەلاَندن (السیلان) تا بەتەواوی دڵنیا نەبێت لەبوونی میکرۆبەکە، وەدەرنەکەوتنی ئەو میکرۆبە لەپشکنیندا واتای توش نەبوون ناگەیەنێت بەنەخۆشی‌یەکە هەربۆیە واپێویست دەکات کە چەند رۆژێك پشکنین بکات بۆتەواوی دڵنیابوون.

## دووەم: نەخۆشی( الزهری )

ئەم نەخۆشی‌یە مەترسی‌یەکی گەورە لەسەر لاشەی مرۆڤ دروست دەکات جەستە هەمووی دەکەوێتە ژێر کاریگەری‌یەوە تاچەند ساڵێك، ئەگەر بێت و چارەسەری بۆبە کارنەهێنرێت دەرەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە،نیشانە سەرەتایی‌یەکانی ئاساین‌و گرنگی پێنادرێت، وەبرینی بێئازار دروست دەبێت‌ولەڕوکەشدا سارێژدەبێت بەڵام دوای دوو تاسێ هەفتە برین زۆربەی لاشەی توشبودەگرێتەوە.

رێگەی گواستنەوەی :-

ئەم نەخۆشیە بەهۆی پەیوەندی سێکسی‌و ماچ کردن‌و خوێن پێدان لە توشبویەکەوە بۆکەسی دیکە وە چارەسەرکردنی توشبوو، یاخود بەکارهێنانی ئەو کەلوپەل‌وشتومەکانەی‌کەبەکاری دەهێنێت

### نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

ئەم نەخۆشیە سێ قۆناغی هەیە :

١-قۆناغی سەرەتاییەکەی:

(قرحةالسفلس)، لەبەر بچووکی برینەکە توشبو زۆر گرنگی پێنادات، پاشان گەورە دەبێت‌ولەپاش (٧)هەفتە سارێژدەبێت. وە ماوەی کۆشگیری نەخۆش لەسێ تاچوار هەفتەیە پاشان برینەکەی لەسەرئەندامەکانی لاشەی بەدیار دەکەون لەسەر ئەوشوێنانەی کە دەیخورێنن .

٢-قۆناغی نێوەندی:

پاش دەرکەوتنی برینی(الزهری)میکرۆبەکەی بە هەموو لاشەدا بلاَودەبێتەوە وەدەشبێت بۆچەند مانگێك دوابکەوێت، لەم قۆناغەدا زیپکەیەکی زۆر کەلە(٨٠٪)حالەتەکەیە لەسەرپێست بە دەردەکەون، لەگەڵ توشبوون بەهەوکردنی‌ئێسك‌وچاووجگەروهاتنەوەی‌ئاو بەدەم‌و لووت‌و

به بەشێك له شێوەی ئەم شێرپەنجه خراپەدا كه دژوارترین جۆری شـێرپەنجەیه . ئـەم نەخۆشـیه به هۆی بەركەوتنی پێستەوەیه به تیشكی خۆر بۆ ماوەیەكی زۆر وه تیشكی سەروی (وەنەوشەیی) بۆ ماوەیەكی درێژ خایەن ئەمانەش له بەرهەمی پۆشـاكی كـورت و كـەنار دەریاكانـەوەیـە، ئەمـەش هەموو جەسته دەگرێتەوه به شێوەی جیاواز، یەكـەم جـار وەكـو پەڵەیـەكی بچـوكی ڕەش بـه دیـار دەكـەوێت، زیـاتر لـه پێیـەكان و لاقەكانیانیانـدا ، هەنـدێك جـاری تـریش لـه چـاوەكانیاندا. پاشـان بڵاودەبێتەوه به هەموو جێگایەكـدا لەگـەڵ گـەورەبوونی شـوێنی یەكـەمی، ئـەوجا هێـرش دەكاتـه سەر گرێی (الليمفاويه) له سـەروی ڕانـەوەو خـوێن داگـیر دەكـات و لـه جگـەردا دەمێنێتـەوه تـا بـه تەواوی تێكی دەشكێنیٚ.

له هەموو لاشەدا دەمێنێتەوه له ئێسك و گورچیلەكاندا پاش توشبوونی گورچیلەكان به شێرپەنجه پیسابییەكەی ڕەش دەبێت، ئەمەو نەخۆشیەكه دەگوێزرێتەوه بۆ كۆرپەله له سكی دایكیـدا وئـەوەی جێگەی سەرنجه بەكارهێنانی چارەسەر بۆئەم نەخۆشیەیه هیچ سودێكی نیەیه.

لێرەوه گرنگی دانایی شەریعەتی ئیسلاممان بۆ دەردەكەویٚ له لەبەركردنی پۆشـاكێك كـه سـەراپای لاشه بپۆشیٚ وفراوان بیٚو تەنك نەبیٚ لەگەڵ بەدەركەوتنی ڕوخسارو دەستەكانی، زۆر بـه ڕوونـی به دەركەوتووه كه باڵاپۆشی باشترین پارێزەره له سزای دونیا كه خۆی لەم نەخۆشیەدا دەنـوێنیٚچ جـای سـزای دواڕۆژ، ئەمـەو پـاش پاڵپشـتكردنی زانسـتی نـویٚ بۆئـەوەی كـه ئیسـلام بڕیـاری لـه سەرداوە هیچ بیانویەك دەمێنیٚ بۆ سفوریو ڕووت پۆشی ئافرەت؟

دۆستایەتی و پەیوەندیەکی دڵداری هەیە لەگەڵ یەکێك لەکوڕەکاندا . پاشتر هانی دام کەمنیش وەك ئەم لەگەڵ برادەری (دۆستەکەی)پەیوەندی دڵداری ببەستم و زۆر هەوڵی داو هاتە بن دەستمەوە.

منیش سەرەتا زۆر دوودڵ بووم و ڕاستەوخۆ نەچوومە ژێر ئەم بارە ... بەڵام بەهۆی بەردەوامی برادەرەکەم سەرئەنجام تەنها بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد. دواتر وورده وورده قسەکردنمان بەتەلەفۆن زۆر ئاسایی بووە وە وای لێهات پەیوەست بوبوم بە دەنگ و وتە شرینەکانی کە بەجوانترین شێوە (منی پێ لەخشتە برد) سەرسام بوبوم، دواجار بەڵێنمان دا یەکتری ببینین و چاومان بەیەکتری بکەوێت. لەم کارە زۆر دوودڵ بووم. مەترسی ئەوەم بوو کە شێوەو دیمەنی جوانی منی بەدڵ نەبێت چونکە من مام ناوەند بووم لەجوانیدا . پاشتر یەکتریمان بینی و ئەو زۆرمنی بەدڵ بوو بەچەندین ووتەی شرین و سەرنج ڕاکێش کەمەند کێشی کردم . ئەو گەنجێکی جوان قسەزان بوو منیش بەووتەکانی باوەڕم کرد و زیاتر پەیوەست تر بووم پێوەی.

هەواڵی ئەم پەیوەندیەمانگەیشت بەخوشکەکەم چونکە کچەبرادەرەکەم داستانی من و ئەم کوڕەی بەو پەڕی شانازیەوە لای سەرجەم قوتابیەکان باس کرد بوو دەیوت من ڕۆڵی گرنگی ئەم کارەم گێڕاوە . خوشکەکەم بەم هەواڵە زۆر ئازاری دەچەشت زۆر ئامۆژگاری کردم و هەوڵی لەگەڵ دام بەلاّم بێ سوود بوو ، ناچار هەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە بەماڵەوە بڵێت و ئەم ڕاستیانە بخاتە ڕوو . منیش زۆر ترسام و زانیم زانینی کارێکی لەم جۆرە لەلایەن ماڵەوەمان باجەکەی زۆر گران و سەختە هەر بۆیە منیش کەوتمە بیری ئەوەی چۆن بتوانم خاڵی لاوازی خوشکەکەم بگرم لەکارێك لەڕووداوێك.... هتد

تا بەوەوە منیش هەڕەشەی لێ بکەم و نەتوانێت نهێنێکەم ئاشکرا بکات . بۆ ئەم مەبەستە زۆر بێ بەزەییانە کەوتمە بیرکردنەوە و پیلان دارێژان . تا سەرئەنجام بڕیارم داسەرەتا متمانە بۆ خوشکەکەم بگێڕمەوە هاتمە لای و وتم من زۆر هەڵە بووم ، ئیتر بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کوڕە دا نابێت و بەپێی ئامۆژگاریەکانت مامەڵە دەکەم . ئەمە خوشکەکەمی زۆر شادومان کرد و زۆر خۆشحاڵ بوو . پەیوەندیمان بەهێز تر و بەتین تر بوو . پاشان بۆقۆستنەوەی هەلێك دەگەڕام تاکو پیلانە ژەهراویەکەم جێ بەجێ بکەم .

خوشکەکەم زۆر بەپاك و بەرائەتەوە پێی ڕاگەیاندم کە جل و بەرگێکی نوێی کڕیوە ، دەیەوێت بۆ ئاهەنگی برادەرێکی بیکاتە بەری . بۆئەم مەبەستە لەکاتێك دا بگونجێت دەیکەمەبەرم تەماشای بکە بزانە جوانە و بەدڵتە؟!

# پێـــــرست


هیواو ئاواتێك ..................................................................٤
پێشكەش...................................................................... ٥
پێشـەكـی.....................................................................
٦
بۆچونی ئیسلام سەبارەت بەخۆشەویستی....................................... ١٤
دوانیازی خۆشەویستی مارەبڕینە..................................................١٨
چارەسەری خۆشەویستی...........................................................٢٠
جەژنی خۆشەویستی ( ڤالەنتاین )............................................... ٢٦
ووتەیەك لە سەر عیشق............................................................. ٤١
كچان و خۆشەویستی.................................................................. ٤٦
ستار ئەكادیمی.......................................................................... ٥٩
نامەیەكی ترسناك لەكچێكەوە ..................................................... ٦٨
كچێكی تەمەن دوانزە ساڵی ...........................................................٧١
مەترسی پێگە بەدڕەوشتیەكان........................................................٧٢
تۆڕی ئینتەرنێت چی یە؟ .............................................................٧٣
چەند بەڵگەیەكی زیندوو ...............................................................٧٨
سەرئەنجامی داوێن پیسی و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگا .............................٨٢
هاوردەكردنی بەدڕەوشتی بەبیانووی ئازادیەوە.....................................٨٥
قوربانیانی ئەتكردن ( اغتصاب ) ...................................................٨٨
وەك ئەوەی شۆڕە سوار بێ...........................................................٩٢
جوانترین ئافرەت ........................................................................٩٤
جیاوازی لەنێوان ئافرەتاندا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.............................٩٥
ئاگاداربە ئەی بوكی گەورەكچ( قەیرەیی ) .........................................١٠٢
چیرۆكەبەئازارەكانی واقع ................................................................ ١١٦
ئەوشریتە ڤیدیۆییەی كەژیانی وێران كردم ..........................................١١٧

یادەومەریەکانی پیرەژنێك لەگەڵ خۆشەویستەنا پاکەکەی دا ...................................... ١٢١
بەڵام شەیتان چوارەممان بوو........................................................ ١٢٥
ساباتی خەمباریەکان.................................................................. ١٢٧
ئەوشۆخەی کەژیانی تێکدام............................................................. ١٣١
قازی وقوربانیەکە..................................................................... ١٣٦
ئۆتۆمبیلی لەیموزین و ئافرەتەکەو من.................................................. ١٣٩
(سەتەلایت)........................................................................... ١٥١
ئەوپەیوەندیە تەلەفۆنیەی هەموو ژیانی گۆڕیم........................................... ١٦٠
لە ئارایشتگاکاندا چی دەگوزەری( سێ چیرۆك )............................................ ١٧١
لە قوربانیەکانی ئینتەرنێت............................................................. ١٧٥
سەرکەشیەکی هەرزەکارانە............................................................... ١٨٣
ژوانێك لەشالیە......................................................................... ١٨٥
مامۆستا و کچە خوێندکارەکەی........................................................... ١٨٧
هیوایەتێکی لەدەست چوو................................................................ ١٩٠
یەك بە یەك............................................................................. ١٩٢
بێچوی مراوی نەزانە.................................................................... ١٩٣
بەرلەوەی پەشیمانی داد نەدات........................................................... ١٩٤
خۆپاراستن لەچارەسەرکردن باشترە........................................................ ٢٠١
ئاگاداری تەلەفۆن بە.................................................................... ٢٠٥
بەشی نامەکان( نامەیەك لەشەوی بوکێنیدا )............................................... ٢١٠
ژیانی خەڵەفاویو ڕابواردن................................................................ ٢١١
پەرتەوازە بوون.......................................................................... ٢١٢
من پەشیمانم............................................................................. ٢١٤
فریام کەون ئەی پیاوانی ئایینی........................................................... ٢١٦
کچی مەسینجەر ( چات کردن )............................................................ ٢١٩
بەڵای شەیدایی و بەدڵداچوون............................................................. ٢٢٤
نامەیەك لەژنێکەوە........................................................................ ٢٢٦

به‌ته‌نیابوون له‌گه‌ڵ داواكه‌ردا........................................................۲۲۸
به‌ته‌نیا بوون له‌گه‌ڵ ده‌زگیراندا........................................................۲۳۲
گفتوگۆی نێوان كچ و باوكێك له‌خه‌ونده‌ا........................................................۲۳۵
له‌به‌رهه‌مه‌كانی به‌دڕه‌فتاری........................................................۲۳۷
نه‌خۆشی گه‌لێكی جنسی دیكه‌(سیلان، زوهری، هربز، ئایدز)........................................................۲۳۸
نه‌خۆشی گه‌لێكی سێكسی جۆراوجۆری تر........................................................۲٤۳
چیرۆكێكی په‌ند ئامێز........................................................۲٤٤
هاوارێك بۆ داوێن پاكی له‌ بریتۆریاوه‌ بۆ واشنتۆن........................................................۲٤٤
له‌ به‌رهه‌مه‌كانی پاكیزه‌یی........................................................۲٤٦
به‌ شایه‌ت بن كچه‌كه‌م كرد به‌ هاوسه‌ری........................................................۲٤۹
چیرۆكی ئیمان........................................................۲۵۰
نه‌خۆشیه‌ك تووشی ئافره‌تی دانه‌ پۆشراو دێ........................................................۲۵۲
فیتنه‌ی جل وبه‌رگ ومۆده‌........................................................۲۵٤
چیرۆكـه‌ نوێ یـــــه‌كان (كاتێك داوێن پاكی له‌ده‌ست ده‌درێ)
........................................................۲٦٤
ئاگاداری خوشكه‌ نه‌زانه‌كانتان بن........................................................۲٦٦
خزمی هاوسه‌روشه‌رمه‌زاری........................................................۲٦۹
كچه‌ "هاوڕێكه‌م" ده‌وێ........................................................۲۷۲
پێرست........................................................۲۷۵